حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونەگشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی)

# A

بەناوی خوای گەورە
بابەت: جوگرافیا / کات :3:00 کاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
ساڵی خوێندنی 2022-2021 خولی دووەم

پەنجەمۆر

SN: 000001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك 2 نمرە)

1. دۆزینەوەی مس بەسەرەتای چاخێکی تازە دانراوە لە ژیانی مرۆڤ ،دۆزینەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ .................... پێش زایین:

A- سێ هەزار ساڵ    B- چوار هەزار ساڵ    C- پێنج هەزار ساڵ    D- شەش هەزار ساڵ

2. لە ناوچە خولگەییەکان و ژووروەکاندا وەکو یەك هەیە ،لە چوارچێوەیەکی تەسك نەبێت لە بازنە مام ناوەندییەکاندا دەرناکەوێت:

A- پیشەی بژێوی ئابووری    B- پیشەی کۆکردنەوەی سەرەتایی    C-پیشەی ئابووری بازرگانی    D- پیشەی کشتوکاڵی بژێوی چڕ

3. ئاژەڵی ( لاما ) لە چیاکانی ئەندێزی ئەمریکای باشور بەخێودەکرێت لەلایەن:

A- ئەسکیمۆکان    B- بۆشمەنەکان    C- سیمانکەکان    D – هندییە سوورەکان

4. تێکڕای بەرهەمی برنجی ئەو وڵاتانە ( دوو ) ئەوەندەی تێکڕی هەموو جیهان زیاترە:

A- ژاپۆن و کۆریا    B- چین و فیلیپین    C- فیلیپین و ئەندەنوسیا    D– ڤێتنام و کەمبۆدیا

5. بەرهەمی زەریاکان................ی بەرهەمی ماسی پێك دێنێت لە جیهاندا:

3/2-A    4/3 -B    5/4 –C    6/5 -D

6. ( ماهۆکنی و ئەبەنووس و ساج و ئورزی یەکسانی ) گرنگترین جۆرن لە درەختەکانی جەنگەڵە:

A- مام ناوەندییە نیمچەگەرمەکان    B- خولگەییەکان
C- مام ناوەندییە ساردەکان    D- خەزانییەکان و سنەوبورییەکان

7. پارچەیەك زەوی کشتوکاڵی ئامادە دەکرێت دوای ئەوەی لق و پۆپی دارەکان دەبڕدرێن و دەسووتێنرێن لەبەر ئەوە پێی دەوترێت کشتوکاڵی ( ببڕە بسووتێنە ) لە:

A- شێوازی کشتوکاڵی بژێوی چڕ    B- شێوازی کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست
C- شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو    D- شێوازی کشتوکاڵی جێگۆڕکێ

8. کانە خەڵوزەکانی ئەپەلاشیان دەکەونە بەشی خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا،نزیکەی............... هەموو خەڵوزی ئەنتراسایتی جیهانی لێ دەردەهێنرێت:

A- (٪48)    B- (٪57)    C- (٪68)    D- (٪70)

9. ڕێڕەوێکی ئاوی جیهانی گرنگە ساڵانە لە نێوان ( 20– 25٪ ) کەشتیوانی جیهانی تێدا ئەنجام دەدرێت:

A- گەرووی هورمز    B- گەرووری بسفۆر    C- گەرووی مەلەقا    D- گەرووی جەبەل تاریق

10. پێداویستی بەروو بوومی نەوت بۆ ناوچەی باکوری خۆرئاوای عیراق دابین دەکات ،توانای ساڵانەشی نیو ملیۆن تەنە، نەوتی لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوکەوە بۆ دێت:

A-پاڵاوتگە موسڵ    B-پاڵاوتگەی قیارە ( گەیارە )    C- پاڵاوتگەی دۆرە    D- پاڵاوتگەی کەسك

11. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 1 ) کام وڵات دەنوێنیت:

A- مالیزیا    B- نیوزلەندە    C- ئەندۆنیسیا    D- ژاپۆن

12. ئەو چەشنە خەڵوزەی بۆ دروستکردنی خەڵوزی ( کوك ) بەکاردێت لەهەندێ وڵات و ناوچەی دیاریکراودا هەن، وەك :

A- بەلجیکا    B- باشوری ویلز    C-چین    D- خۆرئاوای ڤەرجینیا

13. لە ڕووی ئابوورییەوە نەوت بوو بەسەرچاوەی سەرەکی دەستکەوتی نەتەوایەتی لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکاندا، لەهەندێك وڵاتی عەرەبی وەك سعودیەومیرنشینە عەرەبییەکان ولیبیا ڕێژەکەی دەگاتە:

A- ٪65    B- ٪75    C- ٪85    D- ٪95

14. وەك سەرچاوەیەکی وزە خاسیەتی ئەوەیە کە بەردەوامەو هەمیشەییە، بەردەوامیش وزە دەدات:

A- گازی سروشتی    B- هێزی ئاو    C- نەوت    D- خەڵووز

15. بۆ بەدەست هێنانی گۆگردی پێویست پشت بە ( ئەلبیریت ) دەبەستێت ،چونکە بە فراوانی لە کیشوەرکە بڵاوبۆتەوە :

A- ئەوروپا    B-ئەفریقیا    C-ئوستڕالیا    D- ئەمریکای باشور

16. بەشی زۆری پاشەکەوتی نەوتی جیهان کەوتۆتە بەشی:

A- خۆرئاوای نیوە گۆی زەوی    B-باکوری نیوە گۆی زەوی
C- خۆرهەڵاتی نیوە گۆی زەوی    D- باشوری نیوە گۆی زەوی

17. لە نموونەی ئەو دەوڵەتانەن کە( مس ) دەنێرنە دەرەوە:

A- ئەڵمانیا    B-زامبیا    C- سوید    D- بەلجیکا

18. ئەو بنچینانەن کە لە کانزاکاریدا پشتیان پێ دەبەسترێت:

A- تەمەنی بەردو مێژووە جیۆلۆجیەکەی    B- ئاو وهەوا
C- ئەو نیشانە سروشتیانەی کە لەکانزا خاوەکانی ژێر زەوی هەن    D- دووری ماددە خاوەکە لە ڕووی زەوییەوە

19. کانزای زۆر دەوڵەمەند هەیە کە شوێنە جوگرافیاییەکەی یارمەتی وەبەرهێنانی نەداوە وەك کانزا خاوەکانی وڵاتی :

A- کۆنگۆی دیموکرات    B- میسر    C- سودان    D- ئینگلتەرا

20. لە شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو هەر ناوچەیەك بۆ بەرووبوومێك تەرخانکراوە وەك کێڵگەی کاکاو لە:

A- خۆرهەڵاتی ئەفریقا    B- خۆرئاوای ئەفریقا
C- باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا    D- ( B وC ) ڕاستن

21. بەرهەم هێنانی فافۆن پێویستی بە زۆر هەلومەرجی تایبەتی هەیە وەك:

A- بوونی ئاو وهەوایەکی میلەو گەرم و شێدار    B- بوونی وزەی کارەبای هەرزان
C- بوونی ڕێگای گواستنەوەی ئاسان و هەرزان    D- هەموویان ڕاستن

22. قامیشی شەکر بەرووبوومێکی هەمیشەییە یەکەم بەری لەماوەی( 9–22 ) مانگ دەدات بەڵام بەروو بوومی یەك لەدوای یەکی بەزۆری دەست دەکەوێت لە دوای :

A- ( 8 مانگ )    B- ( 10مانگ )    C- ( 12مانك )    D- ( 15مانگ )

23. ( فهود ) یەکێکە لەکانە نەوتییە بەرهەمدارەکانی وڵاتی:

A- بەحرین    B- سعودیە    C- کوێت    D- عومان

24. لە ئەمەریکای باشوور لە باشووری بەڕازیل وناوەڕاستی ئەرجەنتین و شیلی دا دەردەکەوێت،لە ئەفریقیاش دەکەوێتە نێوان یەکێتی باشووری ئەفریقیاو زامبیا :

A- شێوازی کشتوکاڵی تێکەڵ    B- شێوازی بەرهەم هێنانی سپیایی
C- شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو    D- شێوازی ئاژەڵ لەوەڕاندن

25. لە بەشێکی کەمی خۆرهەڵاتی یەکێتی باشوری ئەفریقیا دەردەکەوێت :

A- جەنگەڵە مام ناوەندییە ساردەکان    B- جەنگەڵە مام ناوەندییە نیمچە گەرمەکان
C- جەنگەڵە خولگەییەکان    D- ( B وC ) ڕاستن

26. لە بەخێوکردنی مانگا جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتانی تر،چونکە بەخێوکردنی پەیوەندی بە جێبەجێ کردنی کاری کێڵگەوە هەیە:

A-بەرازیل    B- ئەرجەنتین    C- چین    D- باشوری ئەفریقیا

27. بەندەرێکە دەکەوێتە سەر کەنار لە بەری ئەوروپای گەرووی بۆسفۆر :

A- تیکرداغ    B-حەیدەرپاشا    C- ئیزمیت    D- ئەستەمبوڵ

28. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 2 ) ئەم دەریایە دەنوێنێت:

A- ڕەش    B- سوور    C- ناوەڕاست    D- قەزوین

29. کشتوکاڵی بازرگانی بەوە جیادەکرێتەوە کە بەرهەمەکە هەندێکی یا هەرهەمووی بۆ فرۆشتن تەرخانکراوە 0 لە هەندێکیان بەرهەمەکە بەگشتی بۆ مەبەستی فرۆشتنە وەکو لەوەڕاندنی بازرگانی لە :

A- ئەرجەنتین    B- نیجەر    C- نیوزلەندە    D- بەرازیل

30. ( کرۆم و تەنگستن ) لە :

A- خاوەکانی ئاسنە    B- فلزە دارشتەکانە    C- فلزە نا ئاسنینەکانە    D- نا فلزیەکان وخوێیەکانە

31. لە قۆناغی یەکەمی پەیدابوونی پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت ڕێژەی پاشماوە لە ئەنجامی کرداری پاڵاوتن زۆر بەرز بوو ڕێژەکەی دەگەیشتە..............ی کێشی نەوتی خاوی بەکارهێنراو :

A- ٪40    B- ٪50    C- ٪60    D- ٪70

32. لە نموونەی پیشەسازی ئاراستەکراو بەرەو کەرەستە سەرەتاییەکان، وەك پیشەسازی:

A- ئەلەمنیۆم    B –چنین    C- خستنە ناو قوتوو    D- مۆبیلیات

33. گەورەترین کەڵەکەبوونی گۆگردی گرکانی کۆبۆتەوە لە :

A- چیای ئەندیز    B- دورگەی سەقەلیە    C- تەکساس    D- لویزیانا

34. چەند یەکەیەکی زیندووە و ڕواڵەتی کشتوکاڵ و پەیوەندی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە لەیەك دەچن :

A- خولی زەوی کشتوکاڵ    B- شێوازی کشتوکاڵ    C- وەبەرهێنانی کشتوکاڵ    D- خاوەنداریتی کشوکاڵ

35. نزمترین ڕادەی گەرمی لە نێوان( 5-18 )پلەی سەدی دایە ، بەرزترین ڕادەی گەرمیش لە نێوان( 44-50 ) پلەی سەدی دایە :

A- گەنم    B- گە نمەشامی    C- لۆکە    D- برنج

36. زۆرتر لەنیوەی ژمارەی هەموو ئەسپی جیهان لە هەردوو ئەمەریکا دایە بەتایبەتی لە :

A- مەکسیك و ئەرجەنتین    B- کەنەداو فەنزویلا    C- ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرازیل    D- مەکسیك و ئۆروگوای

37. لە شێوازی کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست کشتوکاڵ بەشێوەی چەند پشتێنەیەکی ستوونی دەکرێت لە دامێنە نزمەکان.......... دەچێنرێت :

A- سەوزە    B– هە نجیر    C- دانەوێڵە    D- مزرەمەنی

38. زێڕ لە هندستان بە شێوازی بیری قووڵ دەردەهێنرێت بەتایبەتی لە کانەکانی:

A- ڕند    B- میسۆر    C- میسابی    D- کیرۆنا جافاری

39. ( دۆڵی نەقەب و دۆڵی عەرەبە ) دوو ناوچەی بەرهەمهێنانی فۆسفاتن دەکەونە وڵاتی:

A- مەغریب    B- تونس    C- ئوردن    D- فەلەستین

40. ( کیمانۆ ) گرنگترین مەڵبەندی بەرهەمهێنانی کارەبایە لە :

A- کەنەدا    B – ژاپۆن    C- ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا    D-ڕوسیای فیدراڵ

41. کشتوکاڵکردنی قاوە لە سریلانکا بەیەکجاری نەما بەهۆی :

A- هۆکاری ئابووری    B- بەرزی تێچوونی گواستنەوە

C- بڵاوبونەوەی ژەنگی قاوە    D- بەرزی نرخی تێچوونی بەرهەمهێنان

42. ئەو ناوچانەی لە بەردی نیشتوو پێك هاتوون .....................ی تێدا زۆرە:

A- ئاسن    B- مس    C- زێڕو زیو و قورقوشم    D– خەڵووز و نەوت

43. چاندنی هەندێك بەرووبووم پێویستی بەوەیە کە وەرزی گەشەسەندن بە درێژایی ساڵ درێژە بکێشێت وەك :

A- مۆز    B-برنج    C- لاستیك    D- ( A و C ) ڕاستن

44. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 3 ) ئەم دورگەیە دەنوێنێت:

A- گرینلاند    B- مالاگاشی    C- تەسمانیا    D- ئایسلاند

45. سێیەکی ژمارەی هەموو( بزن ) ی جیهانی تێدا بەخێودەکرێت:

A- تورکیا و ئەسیوبیا    B- هندستان و چین    C- سودان و سۆماڵ    D- نیوزیلاندە و ئوسترالیا

46. یەکێکە لە دوورگە گرنگەکانی گەرووی هورمز:

A - لارك    B- سیبا    C- بریم    D- کراسا

47. بازرگانی کارەبا زۆر جار بە شێوەی ئاڵ و گۆڕی برێکی کەمی بەرهەمەکە دەبێت لە نێوان سنووری دوو دەوڵەتی دراوسێدا، وەکو:

A- سوید و دانیمارك    B- ئەڵمانیا و ئیسپانیا    C- کەنەداو مەکسیك    D- فەرەنساو بەریتانیا

48. ئاو بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە گشت کردارەکانی پیشەسازیدا ،بۆنموونە بەرهەمهێنانی تۆنێك ئاسن پێویستی بە................گاڵۆن ئاو هەیە :

A- 38000    B- 65000    C- 70000    D- 220000

49. وەبەرهێنانی درەختی سنەوبەر پێویستی بە تێپەڕبوونی ............ هەیە :

A- 30 ساڵ    B-50 ساڵ    C- 75 ساڵ    D- سەدەیەك

50. باشترین کەرەسەی سەرەتاییە بۆ بەرهەمهێنانی ئەسیلین:

A- نەوت    B- خەڵوز    C- گازی سروشتی    D- یۆرانیۆم

